# ئەندێشەی چاک

د. فازڵ جاف



### رێبەران هاوکات مامۆستا و قوتابین

لە هەموو ئەو گووتارانەی کە پێشکەشیان دەکەم، ئەوە دووپات دەکەمەوە کە من پسپۆری داهێنان نیم، بەڵام دەمێکە لەو بوارەدا سۆراخ دەکەم، ئەوەیشی کە دەیزانم زادەی بیرکردنەوەی کەسانی دیکەن، هەر لە سوکراتەوە هەتاکو ئۆشۆ و دەلای لامە و شاکتی گەڤین و جولیا کامیرۆن وچەند کەسی دیکەیش. هەموو ئەم مامۆستایانەی کە ناوم هێنان، کاریان لە سەر داهێنان کردوە وەکو میتودێک بە مەبەستی گەیشتن بەشادی وبەختەوەری، نەک هەر ئەوەندە بگرە ئەوانیش هاوکات قوتابی و مامۆستا بوون.

جەوهەری میتۆدی ئەندێشەی چاک، لە سەر بنەمایەکی گەلێگ سادە، بەڵام قووڵ و پڕمانا دەڕوات، ئەویش ئەوەیە کە کاتێک سۆراخی شادی و بەختەوەر دەکەیت، یەکسەر هەستی شادی دەروون و جەستەت دادەگرێت و خوت بە شاد وبەختەوەر دەزانێت. چونکە هەر ئەوەندە بە راستی و لە ناخی دڵتەوە باوەڕت بە خۆت هێنا کە سەوداسەری شادی و بەختەوەریت، ئیدی ئەو هەستە دەبێتە میوانێکی ئازیزت.

### سۆراخی شادی

گەر بتەوێت بگەیت بەشادی، باوەڕ بەوە دێنیت کە تۆ ئینسانێکی پۆزەتیڤی ودەتەوێت پشت لە هەموو کاریگەرییەکی نێگەتیڤانە بکەیت. شادی خۆی ئاراستەت دەکا و بەرەو باوەشی خۆیت راتدەکێشێت و لە ئامێزت دەگرێت . سۆراخی شادی بەرەو داهێنان پەلت دەگرێت، داهێنانیش شادی بە خۆە دەگرێت، چوونکە پشت بە کردار دەبەستێت، کردار گرنگترین مەرجی داهێنانە، کردایێک کە چێژی لێ وەردەگریت و دەبێتە مایەی خۆشەویستی، کە مەرجی سەرەکی بوون و چڕکردنەوەی بوونە لە ئێستا ولە ئێرەدا. دەڵێن مرۆ خۆی لە کرداردا دەسەلمێنێت، ئەم راستەیەکی وجودیە، جان پۆل سارتەر، ئەوەندەی من بزانم لە هەموو کەسێک باشتری سەلماندووە.

بۆیە وەکو ئەزموونێکی شەخسی لە هەموو قۆناخێکی ئەم سۆراخ وپشکنینەدا هەستم بە داهێنان کردوە وخۆم بە داهێنەر زانیوە، تەنانەت لە بچووکترین گەشتمدا، لە کاتێکدا کە گوێ لە مۆسیقا دەگرم، یان پیاسەیەک لەگەڵ کوڕەکەم دەکەم، لە کاتێکدا ژوورەکەم خاوێن دەکەمەوە و یان شانۆنامەیەک دەخەمە سەر شانۆ و بە هەمان شێوە کاتێک راهێنان ومەشق بە قوتابییانی شانۆ دەکەم. هەست بە داهێنان دەکەم نەک بەو مانایەی کە شانۆکارم و بەردەوام قوتابی هونەرم، بەڵام بەو مانایەی کە گەورەترین داهێنان لای من ژیان خۆیەتی لە میانەی دید و ئەندێشەی داهێنەرانەوە. لە میانە ئاگایی وهوشەمەندییەوە. وەکو حەقیقەتێکی وجودی، کە بەر پرست دەکاتەوە بەرامبەر کردارەکانت وبەرامبەر بەوە شتەی کە دەیکەیت، بە کورتی سۆراخی شادی وبەختەوەری دەرگاکانی خەیاڵ وفەنتازیات لە رووی ژیانێکی پڕ لە داهێنان دەخاتە سەر پشت.

بەڵام بە داخەوە زۆربەمان بەشێوەیەکی دروست لەم چەمکە سادە وقووڵەی داهێنان تێناگەین، لەوە ناگەین کە داهێنان تەنیا خولقاندنی کاری هونەری گەورە ودەگمەن نییە، بگرە میتۆدێکی رۆژانەیە، تاکو ژیان شیرینتر خۆی بنوێنێت، میتۆدێک کە دەمێکە بیرمەندە و رێبەران وپیاوانی ئایینە ئاسیاییەکان و رۆژهەڵاتییەکان هەزاران ساڵە کاری لە سەر دەکەن. میتۆدێک کە دەڵێت دەبی شاعیر بیت، نەک بەو مانایەی شیعر بنووسیت، بگرە بەو مانای شاعیرانە بژیت وشاعیرانە تەماشای ژیان بکەیت.

### تێگەیشتنی هەڵە لە ئەندیشەی داهێنەرانە... نموونەیەک

رۆژنامەنووسێکی ئافرەت پاش یەکێک لە کۆڕەکانم لە کوردستان دەربارەی داهێنان پێی گووتم: ئەم باسە لە ئاستی ئێمەدا نەبوو، چوونکە ئێمە نوخبە ین. ئەم باسەش لە خوار ئاستی نوخبەدایە. وەکو ئەوەی نوخبە پێویستی بە شادی وبەختەوەری نەبێت. ئەم نموونەیە بۆیە دێنمەوە چوونکە، ئەم جۆرە بۆچوونە دەربارەی داهێنان بۆچوونێکی باو بەربڵاو، بیرکردنەوەی ئەم رۆژنامەنووسە نموویەکی باشەو، شایەنی ئەوەیە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەم. دیارە کەسانێکی کە هاتبوون بۆ ئەم کۆڕە، خۆیان وا نابوەوە کە من باسی رۆشنبیری دەکەم، یان هەر نەبێت باسی ئێستاتیکا" دەکەم، لەوانە ژەنێکی شانۆکار کە پاش کۆڕەکە تووشی نەهامەتییەکی گەورە هاتبوو، گووتی : باسەکە سەتحی بوو.

بێ ئەوەی بچینە ناو باسی نوخبەچێتی و مانای نوخبە لێکبدەینەوە، کە من خۆم بێ گومانم لەوەی مرۆڤێکی ئاسییم و یەکێک نیم لە هیچ جۆرە نۆخبەیەک. پتر لە ٢٥ ساڵی ژیانیشم لە ئەوروپادا و لە ناوەندە کولتوور و رۆشنبیرییەکانی ئەوروپادا بەسەر بردووە، زۆر بە دەگمەن گوێم لە باسی نوخبە وەکو نازناوی کەسێک یان دەستەیەک دەبوو، بە کورتی و بێ سێ دوودەڵێم : هەرگیز گوێم لەوە نەبووە کەسێک بە زمانی خۆی بە خۆی بڵێت من نوخبەم.

داهێنان کاری بە نوخبە و رادە وپلەی رۆشنبیرییەوە نییە، داهێنان یەکسەر پێوەندە بە پلەی هۆش وئاگاییەوە، کەسانی رۆشنبیر و هەندێک جار کەڵە رۆشنبیرانیش مەرج نییە داهێنەر بن، چوونکە ئەوەی دەیزانن پێوەندی بە عەقلەوە هەیەو بە درێژایی تەمەن کۆیکردۆتەوە، بە کتێب قوتابخانەو زانستگا و کۆرس وخول و ۆرکشۆپ، هەموو کەسێک دەبێت بە رۆشنبیر، چوونکە ئەمە وەکو شێخ رەزا دەڵێت کەسبییە، بەڵام مەرج نییە ببیت بە داهێنەر، چوونکە هەموو ئەوەی فێری بوویت ودەیزانیت، رابووردووە و بە درێژایی زەمەن وکات کۆبۆتەوە، داهێنان هی خۆتە وهەروەکو شێخ رەزا دەڵێت، وەهبییە، لە ئێستادا لە دایک دەبێت. نە رابووردووە و نە داهاتووە، تەنیا ئێستایە، چوونکە لە هۆش وئاگاییەوە چەکەرە دەکات، رۆشنبیری لە عەقلەوە سەرچاوە دەگرێت، پێوەندی بە رابووردو و ئایندەوە هەیە.




## هونەرمەند ناسر رەزازی



# ئاشنا عومەر:

# لەبەر ئەوەی جلوبەرگ زۆر زەرووره بۆ بێژەر بۆیە دەبێ خۆت مۆدیل بۆ خۆت دابنێی

ئاشنا عومەر وەکو بێژەرێکی ئافرەت ساڵانێکە خزمەتی بواری راگەیاندن دەکات و پێشتریش وەکو هونەرمەندێکی میوزیکژەن بەهەمان شێوە خزمەتی زۆری کردووە، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە بەشی موزیک، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد.

دیمانە: رێکار قادر

*** سەرەتای پرسیارەکانم بەژیاننامەی بەڕێزت دەستپێدەکەین ئەگەر کورتەیەک لە ژیاننامەی خۆتمان بۆ باس بکەیت؟**

– من (ئاشنا عومەر حەمە)م ناوە لە ساڵی ١٩٨٢ لەشاری سلێمانی لە دایکبوومە هەردوو قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیم لەسلێمانی تەواوکردووە لەساڵی ١٩٩٧ لەشاری هەولێر نیشتەجێبووینە لەگەڵ خێزانەکەماندا سەرەتا وەک کاری هونەرەجوانەکان بەشی مۆسیقا لە هەموو کاروچالاکییەکاندا وەک مۆسیقاژەن و کۆرس بەشداریم کردووە دواتر چوومە (ئۆرکسترای کوردستان) دوای ئەوە لەتیپی (مەریەم) بەشداریمکرد لە کارە هونەریەکاندا، بەڵام دواتر ئەم تیپە نەما هەروەها بەرنامەی (موزیک)م لە تەلەڤزیۆنی (هەرێم)ی ئەوکات کە تەلەفزیۆنێکی ناوخۆیی بوو پێشکەشکرد دواتر وەک بێژەرێک لە هەمان تەلەڤزیۆن بەردەوام بووم کە ئێستا بۆتە تەلەڤزیۆنی (نەورۆز) کەناڵی ئاسمانی.

*** لەکەیەوە ئارەزووی بێژەریت تیادا سەریهەڵداوەو یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونت کەی بوو؟**

– حەزی بێژەریم بەرێککەوت بوو خەوێک نەبوو خەوی پێوەببینم، بەڵام خەزی من زیاتر لایەنی هونەری گرتبوو هاوڕێیەکم هاتە لام وتی بەرنامەیەک هەیە بەناوی میوزیک گوتی ئەگەر تۆ پێشکەشی بکەیت زۆرباشە منیش زانیم زیاتر لەگەڵ کارەکەم دەگونجێ چونکە قوتابیی پەیمانگەبووم ئەو بەرنامەم پێشکەشکرد ئەو بەرنامەیەش لەمانگی دووی ساڵی ١٩٩٨ بوو.

*** سەرکەوتنی بێژەر لەچیدادەبینیتەوە؟**

– بێژەر بەلایەنی کەم دەبێت ڕۆشنبیربێت ڕۆشنبیرییەکی تەواوی هەبێت دەبێت زانیاری گشتی هەبێت جگە لەوەش دەبێت خوێندەوارییەکی باشی هەبێت بەتایبەتی دەبێت دەرچووی بواری خۆی بێت کە ڕاگەیاندن پێویستی پێدەبێت ئەمە لەلایەکەوە ڕووخساری جوان پێویستە بۆ بێژەرو دەنگ خۆش پێویستە بۆ بێژەرو جلوبەرگی جوان پێویستە بۆ بێژەری سەرکەوتوو.

*** جل و بەرگ ڕۆڵی چی دەبینێت لە پێشکەوتنی بێژەریت؟**

– جلوبەرگ زۆر زەرورە بۆبێژەر مۆدیلات زۆربووە دەبێت خۆت مۆدیلات بۆخۆت دابنێیت، چۆنکە مۆدیلات هەندە زۆربووە دەبێت خەڵک مۆدیلات لەتۆ وەربگرێت نابێت تۆ لەخەڵک وەربگری.

*** هاندانی دەوروبەرت بەتایبەتی نزیکەکانت چ ڕۆڵێکیان لە پێشخستنی تۆدا هەبووە؟**

– ئەگەر دەروبەرت یاخود بنەماڵەکەت ڕێگەت پێنەدەن ناتوانی کاربکەیت، بەڵام لە خوا بەزیاد بێت من لەبنەماڵەیەکی باش پەروەردەکراوم توشی گیروگرفتێک نەبوومەتەوە دواتریش ژیانی هاوسەریم پێکهێناوە



**ڕووخساری جوان پێویستە**
**بۆ بێژەرو دەنگ خۆش پێویستە**
**بۆ بێژەرو جلوبەرگی جوان پێویستە**
**بۆ بێژەری سەرکەوتوو**



**پێکهێنانی هاوسەریم لەگەڵ (هیوا)دا لە ئەساسی هاوڕێیەتی بوو بۆیە دواتر هاتە خوازبێنیم لەسەر ئەو بنەمایە هاوسەریمان پێکهێنا**

هەر لەهەمان شوێن هاوسەرەکەم کاردەکات هاوسەرەکەم لەکارەکانم تێئەگات هەتاکو ئێستا تووشی کێشە نەبوومەتەوە، بەڵام باوکم زۆر پشتگیری منی کردووە پشتگیری زۆر ئافرەتانیشی کردووە.

*** بەشداریت لە راگەیاندندا چ پێشخستنێکی لەتۆدا هێنایە کایەوە؟**

- بێگومان ئەگەر شاشە نەبێت وردە سەرکەوتوو نابیت ئێستا زۆر جیاوازم لەگەڵ ساڵانی رابردوو ئینجا ئەوەیە شاشە سەرکەوتووت دەکات.

*** ئەزموونەکان چین و چیت هەیە بۆ هاوتاکانی خۆت لە ئافرەتاندا؟**

- ئەزموونی من (١١) ساڵ کارکردنە لەکاری بێژەریدا، ماوەیەکی زۆرە هیوادارم کارکردنم بە فیرۆ نەڕوات رۆژێک لە رۆژان وەکو رێزلێنانێک حکوومەت هاوکاریم بکات وەکو ئەوانەی رێزیان لێگیراوە منیش خەون بەوە دەبینم رۆژێک لە رۆژان ئەو ئەزموونەی من رۆژێک لە رۆژان بکرێتە مەدالیایەک بەملمەوە بکەن.

*** بەو پێیەی کە ئێوە لە خانەوادەیەکی هونەری هەڵکەوتوون بۆ کاری بێژەری هیچ گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتیت نەهاتۆتە پێش؟**

- نەخێر بەهیچ شێوەیەک تووشی هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نەبوومەتەوە من خانەوادەکەم لێم تێدەگەن بۆیەکێشەو گرفتم نییە.

*** لەیەک لە گۆرانییەکانی ئالانی خوشکتدا لەگەڵ (هیوا)ی هاوسەرتدا دەرکەوتیت ئەوکات پەیوەندیتان لەسەر چ بنەمایەک بوو؟**

- ئەوکات من و هیوای هاوسەرم لەگۆرانییەکەدا بەدەسگیران بووین پێکهێنانی هاوسەریم لەگەڵ (هیوا)دا لە ئەساسی هاوڕێیەتی بوو بۆیە دواتر هاتە خوازبێنیم لەسەر ئەو بنەمایە هاوسەریمان پێکهێنا.

*** قەدبیرت لەوە نەکردۆتەوە ببیە گۆرانیبێژ؟**

- بەداخەوە خۆم عازف کەمانم ماوەیەکە لێی دابڕاوم ئەگینا خۆم بە هونەرمەند دەزانم وەکو گۆرانیبێژبم گۆرانی بڵێم بیرم لێی نەکردۆتەوە، چونکە من بێژەرم لەراگەیاندن کاردەکەم با هەمووی تێکەڵاونەبێت رەنگە دەنگیشم نەشیاوبێت.

*** ئەزموونی درێژی کاری بێژەریت هەر لەهەرێم تی ڤی تاکو ئێستا ئەو کارەت چی پێ بەخشیویت و چی لێت سەندۆتەوە؟**

- بێژەری ئەوەی پێبەخشیوم رێزم لێدەگیرێت لای خەڵک خۆشەویستم منی بەخەڵک ناساندووە ئەوەشی لێم سەندۆتەوە رەنگە لەدەزگاکەی خۆم مافم خورابێت.

*** لەگەڵ وەرزشدا چۆنیت؟**

- وەرزش ناکەم بەڵام بەحوکمی ئەوەی ئەرکی دائیرەو کاری ناوماڵ و شتوومەک پاککردنەوە، کێشم هاتۆتە خوارەوە بەڵام ئەوەش وەرزشێکە ئەگینا وەرزش ناکەم.

*** لەگەڵ چێشتلێنان چۆنیت و حەزت لەچ خواردنێکە؟**

- هەموو خواردنێک خۆشە، بەڵام دۆڵمە زۆرخۆشە لەلای من لەچێشتلێنان باشم ئەگەر توانام هەبێت خواردنی خۆش لێدەنێم

*** بەچ یانەیەکی جیهانی و چ وەرزشوانێک سەرسامی؟**

-بەحوکمی ئەوەی هیوای هاوسەرم جەماوەری بەرشلۆنەیە منیش خۆشیم بێت ناخۆشیم بێت دەبێت سەیری یانەی بەرشلۆنە بکەم.

*** ئاواتی سەرەکیی ئاشناخان چییە؟**

- ئاواتی سەرەکیم ئەوەیە سەفەرێکی ئەورووپا بکەم لەبەر ئەوەی هەندێک خەڵک بەخراپ و بەباش باسی دەکەن بۆیە حەزدەکەم بچمە ئەورووپا.

**فۆتۆ/ فازڵ فەرامۆش**



هونەرمەند کەریم دیار:

# بەسروشتی کوردستان دڵ و دەروونم زاخاو دراوە



**کەریم دیار یەکێکە لەو هونەرمەندە ناسراوانەی کە زۆر بەکەمی دەردەکەوێ، کەچی کە دەرکەوت بەرهەمی پوخت پێشکەش دەکات، لە دەرفەتێکدا بەدیداری گەیشتین ئەم چەند پرسیارەمان ئاراستەکرد:**

**دیمانە: سەرهەنگ نەجمەدین**

*** دەکرێ بڵێین لەساڵی چەندەوە و بەهۆی کێ دەستت بەنیگارکێشان کرد؟**

– لەڕاستیدا من لەساڵی پەنجاکاندا دەستم بەهونەری شێوەکاری کردووە بەهۆی ئەو ئەشقە پیرۆزەوە کە لەدەروون و دڵم دابوو کە زۆر شەیدای هونەربووم، بەتایبەتی جوانی و ڕەنگینی خاکی کوردستان، چەند برادەرێکی خۆم زۆرهانیان دام و هاوکارم بوون بۆ نیگارکێشان.

*** بۆچی تەنها بایەخ بە سروشت دەدەی؟**

– لەبەرئەوەی لە کوردستان لەدایکبووم بەجوانی ئەم کوردستانە زۆر دڵ و دەروونم زاخاوبووە، بۆیە کوردستانم وەک دایکم خۆش دەوێ، هەر سروشتە بۆتە قوتابخانەم و جێگەی بایەخمە و خۆم بەقەرزاری دەزانم و قەت لەبیری ناکەم.

*** بۆچی زۆر بەکەمی پێشانگا دەکەیتەوە؟**

– زۆر ئارەزوو دەکەم کە زوو زوو پێشانگا بکەمەوە، بەڵام لەبەرکەمیی کات و لەبەر بژێویی ژیان، کەمن لەماڵەوە تەنها کاردەکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەبەردەوامی کاری هونەری دەکەم.

*** تا ئێستا چەند پێشانگات کردۆتەوە.؟**

– لە ساڵی ٢٠٠١ پێشانگایەکم بەناوی (ئەشقی سروشت) بەسەرپەرشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری کردەوە، پاشان بەشداریم لە کۆمەڵەی خۆشنووسانی کوردستان کرد و بڕوانامەی کۆمەڵەم پێبەخشرا، بەشداریم لە پێشانگای وڵاتانی عەرەبیم کردووە کە لەوڵاتی مەغریب بەدوونەخشی مافوور کەبووە جێی سەرنجی ئامادەبووان، هەروەها بەشداریم لە زۆربەی پێشانگای قوتابخانەکان کردووە.

*** هونەر لەنێوان ئەمڕۆ و دوێنێ چۆن دەبینی؟**

– هونەر لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆ زۆر جیاوازی هەیە، چونکە ئێستا بوار زۆر ڕەخساو و لەبارترە بەهۆی هەبوونی کۆلێژ و پەیمانگای هونەرە جوانەکان و مامۆستای خاوەن ئەزموون و لێهاتوو بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە کە بەدەیان قوتابی پێدەگەن و دەبن بە مامۆستا بۆ خزمەتکردنی بواری هونەری، جگەلەمەش ئێستا پێداویستییەکان زۆر بەئاسانی دەستدەکەون.

*** چ پێناسەیەکت بۆ هونەر هەیە؟**

– هونەر ئەو جۆش و خرۆشەیە کە هەست و نەستی هونەرمەند دەجوڵێنێ کەوا کارە هونەرییەکەی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ئەنجام بدات.

*** جگە لە نیگارکێشان دەستی جواننووسیشت هەیە، ئایا ئارەزووی دیکەت هەیە؟**

– بەڵێ شیعریش دەنووسم نزیکەی (٥٥٠) پەند و قسەی نەستەقم هەیەو دەستی ئاوازدانانیشم هەیە، نەخشەدانەری مافووریشم.



## دواڕۆژ:

# ئەگەر سۆزت بۆ کارەکەت نەبێت جوانی لە هونەرەکەتدا نابیندرێت

**هەندێجار لە ناساندنی هونەردا لەپڕ ئەستێرەیەک پەیدا دەبێت. بەهرەە شتێکی شاراوەیە کانییەکی زوڵاڵە کەس نازانێت لەسینەی کێ و لەکام شوێن و لە چ کاتێکدا پڕشنگ دەدات.**

**قوتابییەکی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر هەردەبێ چاوی بڕیبێتە ئاسۆیەکی رەنگین لەیەکێ لەبوارەکانی هونەر. دواڕۆژ هادی قوتابی قۆناغی سێیەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر بەشی میوزیک و ژەنیاری عود، نەک هەرچاوی بڕیوەتە ئاسۆی هونەر، بەڵکو پێی ناوەتەسەر یەکەم پلیکانەی ئەو دنیا پیرۆزەو دەنگی خۆی لە کلیپێکدا تاقی کردەوە.**

**ئەو کلیپە دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبووە، تا ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا شەیدایانی گۆرانیی کوردی لە چاوەڕوانی ژوانی هەڵهاتنی ئەستێرەیەکی نوێدان. ئەم دیمانەیە وردەکاریی زیاترمان بۆ ڕوون دەکاتەوە:**

**دیمانە/ سازان عەلی**

*** چۆن بوو وەک ژەنیارێکی پەیمانگای هونەرەجوانەکان دنیای گۆرانیت هەڵبژارد؟**

- لە راستیدا پەیمانگای هونەرەجوانەکان خۆی لەخۆیدا پێگەیەکە بۆ دروستبوونی هونەرمەند، منیش لە سەرەتای دەسپێکی لاویمدا خولیای هونەربووم بەباشترین شوێندا بوو بۆمن و سودێکی زۆرم لێ بینی لەبواری هونەری مۆزیک و گۆرانی.

*** ئەگەر باسێکی کلیپی لێمگەڕێن بکەیت؟**

- لێمگەڕین خۆی ئاوازێکی گەلەرییە، بەڵام سەرەتا بەدەنگی هونەرمەند محەمەد عەزیز گوتراوە لەتێکستی محەمەد جەوادە، لەو بەرهەم و کارەی مندا محەمەد یاسین کاری دابەشکردنی مۆزیکی بۆ کردووە، هەروەها وێنەگرتنی کلیپەکەم لەلایەن سامان عەدنان بۆ کراوە و کاری مۆنتاژیش لەلایەن کاروان زامدار بۆ کراوە ئەم کارەشم لەسەر ئەرکی خۆم تۆمارمکردووە.

من نازانم کارەکەم چەندە جوانە، بەڵام بەو هیوایەم بەدڵی گەلەکەم بێت.

*** ڕات چییە بەرامبەر بەولاوە هونەرمەندانە و هەڵسەنگاندنت بۆیان؟**

- هەرچەندە من لە دەستپێکی هونەریی، بەڵام زۆر دڵ خۆشم بەوەی کە ئەو لاوە جوانانە کاری جوان پێشکەش بەمیللەتەکەیان دەکەن و خزمەتی وڵاتەکەیان دەکەن، منیش یەک لەو لاوانەم هیوام وایە بتوانم خزمەت بەگەل و نیشتمانەکەم بکەم.

*** ئەگەر هات و هاوکاریت کرا بەردەوام دەبیت لەگۆرانیگوتن؟**

ئەی ئەگەر هاوکاریت نەکرا؟

بەدڵنیاییەوە ئەگەر هاوکاریم بکرێت بەردەوام دەبم لەو هونەرەجوانەی کورد کە شانازی پێوەدەکەین ئەگەر هاوکاریش نەکرێم دانابڕێم لە هونەرەکەم، چونکە هونەر لای من زۆر پیرۆزو گەورەیە.

*** تێکەڵاوکردنی میوزیکی بیانی بەمیوزیکی کوردی تاچەند دەنگدانەوەی دەبێت؟**

- بەڕای من تێکەڵبوونی موزیکی بیانی شتێکی چاکە بەلای خۆم، چونکە داهێنان دروست دەبێت و لە هەموو جیهانیش تێکەڵبوونی مۆزیک هەیە.

*** هەڵبژاردنی تێکست تاچەند گرینگە بۆ گۆرانیبێژ؟**

- بەدڵنیاییەوە زۆر گرنگە هەڵبژاردنی تێکست بۆ کاری دەنگبێژی، چونکە لەسەرەتا تام لە تێکست وەردەگیرێ ئینجا ئاواز، بەڵام هەردووکیان تەواوکەری یەکترن.

*** ئەدی هەست و سۆز؟**

- هەست و سۆز گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ پێشوەچوونی هونەر، بەڕای من ئەگەر هونەرمەند بەهەستەوەکار نەکات ناتوانێت بەردەوام بێت و ئەگەر سۆزی بۆ کارەکەی نەبێت جوانی لە هونەرەکەش نابیندرێت.

*** گۆرانیی میوزیکی فۆلکلوری کوردی کاریگەری لەسەر دەنگی تۆو کارەکانتدا هەیە؟**

- بەدڵنیاییەوە کاریگەریی زۆر لەسەرم هەیە، چونکە بەڕای من فۆلکلۆر نامرێت، من لەگەڵ ئەوەی کە زۆر متابعم بۆ ستایلەکانی دیکە، بەڵام تا کۆتایی گوێ لە فۆلکلۆر دەگرم بۆ ئەوەی کلتوری خۆمان لەبیرنەکەین.

*** کاریگەریی کام گۆرانیبێژت بەسەرەوەیە، ئەوانەی کۆنەکان؟**

-من گوێ لەهەموویان دەگرم بەتایبەتی ئەوانەی کە ستایلم لێیان نزیکە، بەڵام بەگشتی کاری جوان و پیرۆزیان کردووە لە سەردەمەکانی خۆیان.

*** یارمەتی هونەرمەندان لە نێو یەکتردا لە چ ئاستێکدایە؟**

- بەڕای من یارمەتیدان لە نێو هونەرمەندان کەمە، بەڵام هەشیانە زۆر بە خۆشحاڵییەوە کار بۆ یەکتر دەکەن بۆ سەرکەوتنی یەکتر، هیوادارم یارمەتیدان هەبێ بۆ ئەوەی وەکو هەموو وڵاتانی بیانی بتوانین خزمەتی هونەرو گەلەکەمان بکەین.

*** حکومەتی هەرێم تاچەند هاوکاریی هونەرمەندە لاوەکان دەکات، پێت وانییە هونەر بەرەوپێش دەبات یان بەپێچەوانەوەیە؟**

- بەڕای من زۆر باشە ئەگەر خەڵک بڕیار لەسەر ئەوەبدات بۆ ئەوەی کار بۆ هونەرمەندی بەتواناو لاوو تازەبکرێت بۆ ئەوەی هەموویان بتوانن کاری جوان بکەن، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەگەر حکوومەت یارمەتی لاوی تازە بدات دەتوانم بڵێم بەڕاستی کاردەکەن و کاری جوانیش دەکەن، چونکە هەر گەنجە بۆ بنیادی وڵات کاردەکات، بەو هیوایەم بەیەکسانی یارمەتی لاوان بدرێت.

*** دوور لەکاری هونەری خولیای دیکەت هەیە؟**

- لەڕاستیدا من لەسەرەتا یاریزانی تۆپی پێ بووم ئێستا زۆر زۆر خولیای وەرزشم، وەرزش سودیشی زۆرە بۆ تەندروستی، من هەموو رۆژێکیش کاتێکم تەرخانکردووە بۆ وەرزشکردن.

*** جلوبەرگ واتا ستایل تاچەند کاریگەرە بۆ هونەرمەند؟**

- بەڕای من زۆر کاریگەرە، دەبینین لە وڵاتانی جیهان هونەرمەندان لەسەر شاشە جورێکن لەشێوە، بەڵام دوور لە شاشە جۆرێکی دیکەن، بەڵام ئەگەر لاوێکی جوان و ڕۆح سوک بیت هەموو جلێکت لەبەر جوان دەبێت ئەگەر جلەکانیش جوان نەبێت.

*** بڕوات بەخۆشەویستی هەیە؟**

- خۆشەویستی زۆر پیرۆزە بەلای منەوە دەخوازم هەردوو ڕەگەز لەسەر بنەمایەکی ڕاست و دوور لەبەرژەوەندی کەسایەتی خۆیان خۆشەویستی بکەن.

*** پەیوەندی دروست لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا دەبێت چۆن بێت؟**

- بەڕای من دەبێت لەسەر بنەمایەکی برادەرانەبێت، شەرت نییە هەر خۆشەویستی بێت، بۆ ئەوەی بتوانین کاربکەین لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر بەتایبەت کاری هونەری.

*** دواپەیڤت؟**

- زۆر سوپاسی گۆڤاری هەرێمی کوردستان دەکەم بۆ ئەم دەرفەتە بەڕای من گۆڤارێکی داهێنەرە بۆ هەموو بوارەکان، لە کۆتاییدا هیوادارم کاری جوانتر بکەم بۆ گەل و نیشتمانەکەم.





## ڕۆژگارێک

**لە ڕاستەوە مامۆستایان**
**تەڵعەت عارف/ مستەفا ڕەئووف/مونعم مەزهەر**

**هەولێر**
**ئاهەنگی یانەی وەرزشی هێرش**
**١٩٧١/٤/٢٨**

**ئەرشیفی: جیهانبەخش کۆیی**

# بۆ ئەوەی گەردەلوولیش هەتیو نەبێ توخوا فریای جەلیل زەنگەنە بکەون



حەمەسوار عەزیز/هەولێر

مەرگ ئەو دیوەزمە رەشەیە هەمیشە مرۆڤەکان بێئومێد دەکات لەوەی لەسێبەری خەونە پەمەییەکانی تابلۆی ئەودیو حەزەکانی وێنا بکات، چەندێک لەو کەسانەی کە بەخەونی سەوزەوە چاوەرێی بەیانیان دەکرد، کەچی مەرگ چۆکی بێڕەحمی دەخاتە سەر سینەیان وهەموو خەونەکانیان لەگەل خۆیان راپێچی نێو سینەی خاک دەکات، مەرگی هونەرمەندیش دەستبەرداربوون و دوا مالئاوایی نێوان هونەرمەندو هونەرەکەیەتی، بۆیە هەردەم مەرگ ئەو ترسە هەمیشەییە کە وادەکات هونەرمەند ترسی ئەوەی هەبێت نەتوانێت لەباوەشی خەونە پەمەییەکانی وەنەوزێک بدات وبۆ ساتێک دلنیا بێت کە مەرگ مۆلەتی دەدات تا دوا قوم لە پێکی حەزو ئاواتەکانی لەسەر لێوانی وشک نەبێت.گەر بەدوای نمونەش بکەوین خەرمانێک لەحەزە کوژراو وسەربڕاوەکان لەبەر دەستدان، ئەوەتا هەر دوێنێ بوو لە کاتێکا سەربەست عومەری جوانەمەرگ بەدوای داڕشتنی شاکارێکی تردا وێل بوو، بەدوای بیرۆکەیەکی تازە بۆ کاریکاتێرێکی تازەدا دەگەڕا، کەچی بێ ئەوەی ئاگاداربێت و بەخەیالیشیدا هاتبێت، شەوێک لەشەوەکانی بەهار ئێوارەکەی چاو لێکدەنێت بەو هیوایەی کەبەیانی بەکۆمەلێک حەزەوە هەلسێتەوە، کەچی نازانێت ئەمە ئەم ئێوارەیە وەنەزەکانی بۆ خەوێکی ئاسایی نەبوو، بەلکو وەنەوزدان بوو بۆ خەوێکی هەمیشەیی، دوای ئەوەش لەکاتێکدا هونەرمەندی گەورە سەلاح داودە لە بنکەی عەلی مەردان بۆ مەقام خەریکە لەنێو دونیای ئای ئای و قەتارو خاوکەرو ئەلاوەیسیدا خەمە هەمیشەییەکانی ئاوێتەی قورگی پڕحەسرەت بکات ولەخەمی ژیان و بەخێوکردنی کۆمەلێک مندالی کەمئەندام وپارووە نانێکی ئێوارەدا خۆی ونبکات، کەچی مەرگ هەناسەکانی دەوەستێنێت و بۆ یەکجاری ئەو ئەرکە قورسەی لەسەر ئەستۆ لادەدات کە تەمەنێک بوو پێیەوە دەینالاند، ئیتر ئەرکی ئەو نییە بزانێت ئەم ئێوارەیە منالەکانی بەبرسیەتی دەخەون یا نانە رەقەیەکیان دەسدەکەوێت بە ئاوی حەسرەتەوە نۆشی بکەن، بۆیە من دلنیام ئەگەر مەرگ بۆ هەموو مرۆڤێک حەسرەت بێت، بۆ سەلاح داودەی هونەرمەندو بێدەرەتان، حەسانەوەبوو لەو خەمە قورسەی کەهەموو رۆژ بۆ ئەو مەرگێک بوو، لە شارێکا کە دەولەندترین شاری جیهان بێت، لەسایەی حکومەتێکدا کە ئیدعای مافی مرۆڤ و سەروەری هونەرو ژیانی باشتر دەکات، کەچی هونەرمەندێک بەحەسرەتەوە دەمرێت.حوسێن میسری هونەرمەندیش پاش ئەوەی ئەو خەرمانە گەورەیەی خستە سەر شانۆو درامای کوردی، ئەمجارەیان دوای ئەوەی لەگەل هاروون‌ــدا هاتەوەو خەریکبوو لەنێو دیدگای رەزاو رەمەزان جارێکی تر لەشەوانی رەمەزان بەدیار شاشەوە کۆمانکاتەوە، جارێکی تر هەناسەیەکی تر ببەخشێتەوە بە دراما نیوەمردووەکەی کوردی، ئەگەر بۆ تاوێکیش بێت خۆمان وخێزانەکەمان لەو دراما تورکییە بێ بابەت و بێ مانایانە رزگار بکات، بەلام چی ئەلێی کە مەرگ نەیهێشت بەدیداری رەزاو رەمەزان شادبینەوەو هەردووکی بە هەتیوی بێ باوک بەجێهێشت.لەم رۆژانەش لەو کاتەی هونەرمەند جەلیل زەنگەنە لە هەولێر خەریکی نوسینەوەی سیناریۆی بەشی سێیەمی گەردەلوول بوو، کەچی لەناو جەلتەیەک لێیدەدات وبەپەلە گەیەنرایە نەخۆشخانەی کۆماری هەولێرو لە بەشی بوژانەوەی دل چارەسەری کاتی بۆکراو رۆژی دواتریش بە ئەمبۆلانس رەوانەی سلێمانی کرایەوە، پێش ئەوە کە لەگەل ژمارەیەک هونەرمەندی هەولێرو دەزگاکانی راگەیاندن لە نەخۆشخانە سەردانمانکرد، دکتۆری چارەسەر گوتی یەکێک لە شادەمارەکانی زۆر تەسکبۆتەوەو پێویستی بە گۆڕین هەیە و ئەو نەشتەرگەرییەش لەدەرەوەی ولات دەکرێت، ئەگەرنا رەنگە ئەگەر نەکرێت جارێکی تر جەلتە لێیبدات رەنگە بیکوژێت، بۆیە دەبێ زۆر بەخێرایی رەوانەی دەرەوەی ولات بکرێت، دواتریش زەنگەنە کە تۆزێک تەندروستی باش بوو بە قورگێکی پڕ حەسرەتەوە گوتی"زۆر دەترسم ئەمجارە بمرم مەرگ دەرفەتم نەدات بەشی سێیەم و بەشەکانی تری درامای گەردەلوول تەواو بکەم، من دەمێکە دەزانم دلم پێویستی بەنەشتەرگەری هەیە، بەلام حەزمدەکرد گەردەلوول تەواو بکەم ئینجا ئەگەر هاوکاریم بکەن نەشتەرگەرییەکە بکەم، بەلام وادیارە ئەمجارە چارم نییە دەبێ هەرچی زووە نەشتەرگەرییەکە بکەم، زۆریش لەوەدەترسم مەرگ رێگام پێنەدات ئەم کارە تەواو بکەم"، ئەو وتانەی زەنگەنە حەسرەتێک بوو لەسینەی ئەو دەردەچوون و دلی ئێمەشی پڕ دەکرد لەخوێن، هەردەم ئەو پرسیارەشی لامان دەورووژاند بۆ دەبێ ئێمە تەنها لەسەر گۆڕا فرمێسک بۆ هونەرمەندەکانمان ببارێنین، بۆ تا لەژیاندا ماون خەمێکیان بۆ نەخۆین و وەک پێویست هاوکارییان بکەین بەتایبەتیش لە کاتێکا پێویستییان بەچارەسەر هەیە.

بۆیە من لە کۆتاییدا رووی داواکاریم دەکەمە هەموو بەرپرس وفەرمانگە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو بەرپرسە حیزبی و حکومییەکانی ئەم ولاتە، تکایە تازووە فریای هونەرمەند جەلیل زەنگەنە بکەون و رەوانەی دەرەوەی ولاتی بکەن بۆ سازدانی نەشتەرگەری دل، چونکە زۆر ترسی ئەوەمان هەیە وەک چۆن دوای حوسێن میسری رەزاو رەمەزان بێ باوک مانەوە، ترسمان هەیە دوای زەنگەنەش گەردەلوول هەتیو بێت.

